## ***کۆماری بێدەنگی***

*** 1 ***
لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم
ساڵگارێکە
شەقام وکۆڵانی ئاخنراوی گوێی ئاواتم
قەیران قەیران ،
تینووی خرنگەی بازنەی دەستی دەنگستانە
ساڵگارێکە
شاری خەفەخانەی شێعرستانم
هێلی تەلەفۆنی وشەکانی لێ پچڕاوە و
چنگی تەنیایی لەگەرووم بەرنابێ
ڕەشگارێکە
ژنانی ئاوات خنکاوی ناو تەمی ڕەشی بن چارشێویان
کچانی شەوپۆشی تریقە هەڵفڕیوی هێلانەی لێویان
مەراق مەراق
لەپرسەی ئازادی و
لەپرسەی عەشق و
لەسامی ساردو سەنگینی سکاڵایان
بێزوو ، بێزوو بە میوەی دەنگەوە دەکەن
هەتا سروەی خەیاڵی دەستی دەنگێك هەڵبکا ت و
سنەوبەری وشکی باڵایان ڕاهەژێنێ.
ساڵگارێکە
پیاوانی خەسارژینی ئاوات خەساو
هەزاران چەپکەعەشقی ژاکاوی نەهێنێ
لەئارشیوی ئاخیاندا نێژراوە
کەچی لەناو دووکەڵی خۆزگەوئارەزووی سووتاویاندا،
لێوی بڵێسە وگوێی تینوویان
بۆ کانیی دەمی یەکتردەڕوانێ و
نوستوو نوستوو
خەو بەجێژنی دەنگەوە دەبینن...
*** 2 ***
لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم!
دەنگ ، موژدەی ژیانەوەی ژینە
لە حەنجەرەی خنکاوی شەقام و کۆڵاندا
دەنگ، ڕەنگی شەرمی گۆنای ئاڵی ئەوینە
لەشادەمارەکانی جێژواندا
نۆتەکانی ئاوازی بارانە،
گۆرانی بۆگوێی سروشت دەنووسێتەوە
دەنگ ،
ڕۆحی ئاقووسی چوارچراکەی بیست وچواری مهاباتە
بێ دەنگیش ،
قرچەقرچی دارەکانی دەی خاکەلێوەی بیست وپێنجەو
تا هەتایە لەپەرستگەی دڵمانا
زەنگ زەنگ ...دەزەنگێنێ
دەنگ ،شکانی ڕەمزی قوفڵی بەندی "ماندێلایە"و
ئەمرۆ لەبانگی ژەنگی دوورەبەندی ئیمرالی و
لەزەنگی زاری زاگرۆس و ئاراراتم هاواردەکا
دەنگ، دوایین ئاوازی بووکەشووشەی تەنیا و
دوایین خەندەی مناڵی ناو بێشکەی هەڵەبجەیە
بێدەنگیش، هاواری سووری بێ سنوور،
شاڵاو داوی دەوروبەر
*** 3 ***
من لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم
ئەگەر کۆماری دەریایەك
شەپۆلی دەنگ نەیهەژێنێ،
نەفەس نەفەس گێژاوی بێدەنگی
دەیلووشێتەناو بافووری خنکانەوە
ئەگەرلەناو قەفەزی خۆزگە باڵ کراوەکانی حەزدا
کۆترێکی عەشقی ئازاد ڕەها نەفرێ

ئەگەر لەناو سازی دەستی شێعرێك
گەرووی نۆتێك بۆغەزاڵە رەتاوەكانی ئەشق
نمە نمەی ئاوازێكی چیایی نەچڕێ
ئەگەر لەسەر سەكۆی لوتكەی رۆژنامەیەك
هەڵۆی هەناسەی مرۆڤی سەردەم
رەها رەها باڵی سەركەش بوونی نەگرێ
ئەگەرلەناوشووشەبەندی ژیانی تابۆی
خوداكان وخەڵك وخەمی خاكی موقەددەسدا
دەنگی زەمەن،دەستی ئەندیشەی تازەتر
پەراش پەراش بوتی بێدەنگی نەشكێنێ...
ئەگەر...... ئەگەر..... ئەگەر.......

ئەگەر كچان وژنانی ناو كۆماری بێدەنگی
لەسێبەری شەوگارپۆشی شەرع شەرمە و
لە ددانی كەنین ئاسای "كرۆكۆدیل "ی عەدالەت و
لە مەرگەبارانی ئەشق وبەردبارانی هەناسەتان
سیروان ... سیروان ...
بەدەستی پر لە ِشەپۆلی دەنگەوە
دیواری سەدە كۆنەكانی زەمان نەرووخێنن
ئەگەر... ئەگەر... ئەگەر...

*** 4 ***

وا هەنگەكەی لەكەندوو كراوی ناو شاخە گەورەی دڵم
پوورەی فرین و باڵەوازەی رابوونی لێوە دێت
چونكە هەرچی باخچەی رەنگاورەنگی گوڵ دەبینێ
بۆ شانەیەک ئەشق و شیعرەساتی تەمەن
نایەڵن تامی فڕین و لەشیلەی ماچێك هەڵمژێ
ئەوا هەنارەسوورەی خەون و ئاواتم
لەناو باخچەی كۆنەخاك وتەنگی رۆژهەلاتیمەوە
ژاكاو ژاكاو دەخرێتە ناوئاگردانی_
خوداكانی دەسەلات و تابۆكانی پیرۆز كراو.
مێژوو مێژوو ، تاوان تاوان
بارە مەرگی رۆژهەلاتیم لەكۆڵدایەو
میدیاكانی دەوروپشتم
بەرەنگم كوێر، بەدەنگم لاڵ
باشاری بانگی تازەی من ناكەن...

من لەكۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم
لەكاتێكدا،
لەناوكێڵگەكانی بیرمان و باخچەكانی بێ ئەندێشە
دەوران دەوران، قۆناخ قۆناخ
نەزانین وشەرِ وئەهریمەن چێنراوە
هەوری غەدرو وشكەبیری مێشكی بەردین بارانمە و
شمشێری دڵ بەژەنگی ئایدۆلۆژی، باخەوانم!
رەنگی باخی پڕپەرچینم خەزەڵوەرە و
چریكەی بولبولی وەرزم بێدەنگییە!

*** 5 ***
دەنگ
چەپڵەرێزانی نەرمە بارانی بەر بووكی پەلكە زێرینەیە
بۆزەماوەندی باخچەی وشك و تینووی رۆحمان.
هەناسەی بەهاران ومچوركی باخی حەزمانە
لێوی سربووی كۆماری عەشق دەخاتەوە شكۆفەی ژین
دەنگ
تەقینەوەی كانیی خنكاوی ئەوینی ژنانە
ئەودەمەی چنگی سووری سەهۆڵبەندی-

شوورەیی و شەرم و شەوەزەنگی یاسا...
کۆترە سپیەکەی گەروویان ،
خەڵتانی شکۆفەی سووردەکا
دەنگ
قژی ئاڵۆزی شێعرەکانی منە گوڵ دەگرێ
ئەوکاتەی پەپوولەی یادەکانی ئێوەی لێ دەنیشێ
زەنگی تەلەفونی بەسراوی ژووری پڕ خەیاڵی منە
ئەوکاتەی دەستی ئارامی تاسە و جۆلانەی هەناسە تان
خەونی ساوای بێواز و بێزاری شێعرم رادەژێنێ
دەنگ
بەردی دەستی مناڵی چەتوونی وشەکانی منە
بەرەو سامی پەنجەرەی پادشاکان دەڕوا و
ئاهەنگی پەراش پەراشی بێدەنگییان بۆ دەخوێنێ
ئەودەمەی کامێرای سەرشانی رۆژنامەکان
ناوێرن لێیان بڕوانن

*** 6 ***
دەنگ ، هەرەس هێنانی سکووت و
باهۆزی پەشیمانی خوایە لەناوی خۆی
ئەو دەمەی خواکانی سەرزەوی
کردوویانە بەکلکەوانەی تاوان و
بەدەمامکی روخساری شمشێریان و
بەپێخۆری سەرخوانی رەنگاورەنگی سیاسەت و
درۆ درۆ ، چەپکە شاباشی برسێتی
ئەدەن لەسینگی حەسرەتخانەی مرۆڤ و
گوڵبارانی زەماوەندی مەرگ دەکەن
دەنگ ،ئەفسوونی قەڵەمەشەیدا کەی "نیچە"یە
ئەوکاتەی لە میدیاکەی زەردەشتەوە
هەواڵی مەرگی تابۆکانی دەنووسیەوە

*** 7 ***
من لەکۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم
هەمووشتێک بە دەنگەوە دەژی
کانی ، رووبار ، با ، باڵندە ، شمشاڵەکەی قالەمەڕە،
پەنجەرەی داخراوی حەنجەرەی ئینسانیش
ئەگەر دەنگی نەیە دەمرێ!

*** 8 ***
ئەگەربۆخەونی دەم بەیانی دارستانێك
شالووری شمشاڵی دەنگێك ،
شنەشن هەڵبکات وشەونمی ئاوازێ ،
لەروخساری درەختانی هەڵپرژێنێ ،
هەرخێرا واشەی قەفەسێك ئامێزی بۆدەگرێتەوە.
ئەگەر لەناو پاوانەڕێی بەفرەپۆشی ڕێبەندانێک
رچەی دەنگێکی باڵدار، سامی رێگایەک بشکێنێ ،
ئەوا خێرا چنگی رەشی داڵی یاسا شوێنی دەگێڕێ.

ئەوانەی ئەمڕۆ بەبارانی دەنگمان وشك دەبن
تەنیا باخی رەنگاورەنگی تابۆکانی دەسەلاتە و
باخەوانی پاشەرۆك خۆر
بۆیە دایمە بۆ هەناسەی چرپەیەکمان گوێ رادەگرن
هەردەم بۆنی دەمی وشەکانمان‌دەکەن
لەگوڵدانی بەرپەنجەرەی داخراوی عەشق وژوانمان
دڕکی یاسای سام دەچێنن.

وائەمڕۆ دەبینم لەجەژنی بێدەنگیدا
ناوگیرفانی نهێنی ماڵان و
ناودەروونی بەتاڵی خوان و
ناو هەناسە و رازی جانتا وبەرگی ژنان و
ناو پرخەی لانکی مناڵ و

ناو...ناو...
زرم... زرم... ئازار ...ئازار...دەپشكێنن!
دەڵێن باڵەوازەی دەنگێكی سەر كەش دێ
یان سەتەلایتی رەنگێك راو دەكەن!
من لەكۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم...

*** 9 ***
ئەفسووس ئەفسووس
هەندێ خامەی برسی لەتێری دەبینم
لەسەرخوانی پراوپر لەرەنگ و
پراوپرلە بێدەنگی ئەوان دەژی
بۆیەجار جار ، دەستی گەرمی شێعرەكانم
دێت وئەدا لەزەنگی خۆشەویستییان و
دەڵێ:
نەبن بە چەپكە نێرگزی كورسییەكانی دەسەڵات
لەزارتانا هاواری سەوزی عەشق وئازادی
بێدەنگ نەبن.
ئەفسووس ئەفسووس
هەندێ لە سای دۆلارستانی ئەم وەرزە بێ تەمەنەدا ئەژین
لەچاویلكەی دەسەڵاتی تاریكەوە
له منداڵی بێ ئارامیشێعرەكانی من دەروانن
وا له هەرلا درگای یاری وباخچەی شاریان لێ دادەخەن
بۆیەجاروبار دەبینم،
واكورانی عەشق ونبووی ناو غەزەلم دەكەن بەئەشقیا،
به ژاری بێدەنگی وبه زاری بەتاڵی بیر تەنگییانەوە
واكچانی پەلكە شۆرو بێ رووبەندی قەسیدەشم
دەكەن بەشانۆی سەنگەسار،
بەبەردی بێدەنگییانەوە
من لەكۆماری بێدەنگییەوە دەدوێم
من لەكۆماری بێدەنگییەوە دێم 20 |12|83 رەحیم لوقمانی